# شێوازناسیی لە سێیینە چیرۆکی (گۆرانیبێژی بچووک)دا

**حەمەساڵح فارابی**

**(سلێمانی)**

**( ٢- ٢ )**

لە ساڵی ١٩٢٣ کە ڕێبازی سوریالیزم دامەزرا، زۆرێک لە هونەرمەندانی دادا بەم بزووتنەوە نوێیە پەیوەست بوون. تا ئێستا لە دوو پێشانگەی گەورەی نێودەوڵەتی، کە لێکۆڵینەوە لە کارەکانی دادا دەکەن، (یەکێکیان ١٩٦٧ لە پاریس و ئەوی دیکەیان لە ساڵی ٢٠٠٦ لە شوێنە جیاوازەکانی نێودەوڵەتی)، لێکۆڵینەوەی زیاتر لەسەر تێگەیشتن و پاراستنی میراتەکەیان کراوە، کە لێرەدا دەرفەتی زیاترمان بۆ ناگونجێت لەو باسانە بدوێیین.

گێڕەرەوە لە ڕێی ئەدەبەکەیەوە، کە چیرۆکەکانێتی، وێنە و ڕووداوەکان، سەرگەردانی و مەرگی هاوڕێکانیمان بۆ دەگێڕێتەوە. لە زمانی ئەویدی کە یەکێک لە هاوڕێکانێتی، لە نامەیەکیدا نەهامەتی و سەختییەکانی ژیانی و دەربەدەریمان بۆ باس دەکات.

(ئێوارەی دووەم ڕۆژ برادەرێک هات، هەنووکە برادەرم نییە کاتی خۆی بە «هاوڕێ کالڤینۆ» بانگمان دەکرد، ئێستا «سەلمان»ـە کاری مزگەوتاومزگەوت و کۆڵانەوکۆڵان، بە گوتەی هاوڕێییان: «بۆ دەعوە و جیهاد!» بڕوام نەکرد، تا هات، بە ڕیشی درێژ و شەڕواڵی کورتەوە، بیری جووڵە و بەپەلەی دەست و چاویم کەوتەوە کە سەبارەت بە کالڤینۆ و «شارە نادیارەکان» دەدوا، بە هەمان جووڵەی بەپەلە دەربارەی ڕۆژی ئاخیرەت دوا. هاتنەکەی سەرپێی بوو، بەردەوام ئایەت و فەرموودەی دەهێنایەوە و تێهەڵکێشی قسەکانی دەکردن. عەللاگەیەکی ڕەشی پێ بوو، نامیلکەیەکی چەندپەڕەیی لێ دەرهێنا، گوتی بۆ ئەمە هاتووم، گوتی خۆی نووسیویەتی، گوتی بیخوێنمەوە، بەڵکوو خودا هیدایەتم بدا، گوتی دواتر بیدەمە کەسانی تر تا خێرەکەی جاریی (بەردەوام) بێت براکەم: «سەرکەوتنی ئەهلی ئیمان بەسەر کوفری تاغووطدا».)

دیمەنە شۆکهێنەرەکان، تەنیا مەرگ و کوشتن و ڕاوەدوونان نەبوو، گومان و نادڵنیایی لە ژیان و پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیشدا، بە جۆرێک شکڵی گرتووە، تەنانەت لە گۆڕان لە زەینی

مرۆڤە هەڵکەوتە و چاوەڕواننەکراوەکانیشدا ڕەنگی داوەتەوە. هاوڕێ «کالڤینۆ» نازناوی ڕۆماننووسێکی دیاری ئیتاڵییە بە ناوی «ئیتالۆ کالڤینۆ» یەکێ لە ڕۆمانەکانی بە ناوی «شارە نادیارەکان» کە باس لە گەشتنامە و سەفەری مارکۆ پۆڵۆ بازرگانی ڤینیسیایی دەکات بەناو شارەکانی ئیمپراتۆرییەتی مەغۆلی سەردەمی «خان قوبلای خان»، لە سەفەرە دووروودرێژەکانی مارکۆ پۆڵۆ و ڕووداوەکانی ناو کات و زەمەن سیحر و ڕازی پشت قەڵەمی کالڤینۆ و سەرەداوی ڕووداوەکان.

ئەم نازناوەی هاوڕێ کالڤینۆ لە کەسایەتییەکەی پێشترەوەی هاتووە کە هاوڕێی ئەم گرووپە بووە و بەرچاوڕوونی لەسەر شارە نادیارەکانی کالڤینۆ داوە، ئێستا ناوی بووەتە سەلمان، بە هەمان جووڵە و پەلەیەوە بە ئاراستەیەکی ترەوە هانی دۆست و ناسیاوەکانی دەدات و داوایان لێ دەکات کە وەرن بۆ جیهاد، ئەم جۆرە گۆڕانە لە زەینی کەسانێکدا جیاوازییەکان زۆر و شۆکئامێزە، وەک هەمان گۆڕان کە لە (هۆگۆباڵ)ی نووسەر و فەیلەسووفدا ڕووی دا.

بێگومان ڕانان و ڕاڤەکردنی ئەم جۆرە دەقانە ئاسان نییە، چەمک و ڕەهەندی زۆریان لێ دەبێتەوە کە باس بکرێن، یەکێک لەو چەمکانە کە وەک گرێچنی چیرۆک لە دەستپێکەوە تا کۆتایی ئامادەیی هەیە، چەمکی ئیرۆتیکییە. ئیرۆتیکی لەم چیرۆکەدا تەنیا ڕەنگدانەوەی عەشق و ئارەزووی جەستەیی نییە، بەڵکوو گوزارشتکردنە لە هەستە قووڵەکان و یاخیبوون لە کۆتوبەندە کۆمەڵایەتییەکان، ئیرۆتیکا وەک ئامرازێک بۆ شکاندنی تابۆکان بەکار هاتووە، لێرەدا عەشق تەنیا بۆ وروژاندن نییە، بەڵکوو بۆ ڕەخنەگرتن لە کۆمەڵگە و ناسینی خود، یان بەرجەستەکردنی عەشقێکی قووڵ بەکار



بەختیار حەمەسوور

هاتووە.

بەپێی دوایەمین فاکس کە لە پاریسەوە هاتووە و هێشتا وەڵام نەدراوەتەوە و وەڵامیش نادرێتەوە، لە ڕووی زمانە سمبۆلییەکەیەوە واتای گەڕانەوەیە بۆ ژیانێکی ئاسوودە و شایستە، کردنەوەی ئەو گرێکوێرانەی کە مرۆڤی پێوە کۆتوبەند کردووە، تەواوکردنی بەشێکی تری ئەو حیکایەتانەیە کە بەدوایدا وێڵین. هەوڵدانە بۆ تێگەیشتن و کەشفکردنی ئەو نهێنیانەی کە پێویستە بیانزانین، هاوتاکردنی ژیانێکی شایستەیە لە پێکەوەبوون، بەڵام ئەم ئاراستەیە هێشتا لە عەشقێتییەکەی ئەمدا بێ وەڵامە و بۆ ئەوی دی یەکلایەنەیە.

(دەڵێم واز لە هەموو شت بهێنم و ئارامی ژووریلەکەم هەڵبژێرم تا هیچ نەشێوێت، وەک پێشتر کە شێوا. هەراوزەنای زەینم لێ ناگەڕێت هانم دەدات: بۆ درێژەدان بە یارییەک

که نازانم ئەنجامەکەی چییە و چۆن. هەست دەکەم هەمان چارەنووسی هاوڕێ شانۆکارەکەم چاوەڕێی منیشە لە شارێکدا، کە گوایە ١٧٨٤ دروست کراوە.)

لێرەدا کە دوابەشی چیرۆکە، ڕووبەڕووی بنەمایەکی سوریالی دەبینەوە، کە پچڕان و نەبوونی یەکگرتنە، لە نێوان مانەوەی بە تەنیا و مەیلی بەرەو واقیعێکی باڵا، بە ناڕوونی و نادیاری ماوەتەوە.

### چیرۆکی سێیەم: سەد درز لە یەک چرکەدا

ناوونیشان، مانا ڕواڵەتییەکەی بریتییە لە لێکەوتەیەکی ناکاو، وەک بەردێک بەر پەنجەرەیەک، جامێکی ئۆتۆمبیل کەوتبێت و کۆمەڵێک درزی بە دەوری شوێن بەردەکە دروست کردبێت، نائاگایانە ئاوێنەیەک بە دەستەوە بکەوێت و سەد درزی لێ بکەوێتەوە، بەڵام زمانە سمبۆلییەکەی دەلالەتە لە لێکەوتەی وێنە و ڕووداوێک کە لە نادیارەوە، یان لە تاریکیدا سەرهەڵبدات و ڕووداوگەلێکی دی بەدوای خۆیدا بهێنێتە ئاراوە، واتە ڕێکەوتێکی پێشبینی نەکراو کە لە دەرەوەی واقیعەوە پەیدا دەبێت، ئەمەش ناوونیشانی کۆتاچیرۆکی سێیەمی ئەم چیرۆکانەیە، کە بە توخمێکی سەرەکی ڕێبازی سوریالیستی بنیاد نراوە. لە چیرۆکی یەکەمدا هۆکارێک بۆ نووسینەوەی شەجەرەنامەیەک، هاتنە دنیای منداڵی دووەم بوو، کە بەهۆی جیاوازی ڕەنگی چاوەکانییەوە بوو. کە بە زمانێکی سمبۆلی و توخمەکانی ڕێبازی کوبیزم بەکۆتا هات.

چیرۆکی دووەم بە یاخیبوون دەست پێ دەکات، وێنە و ڕووداوەکانی بە ڕەگەزەکانی دادائیزم بنیاد نراوە. لەم چیرۆکەدا کە بە ناوونیشانێکی سوریالی دەست پێ دەکات، ناوەڕۆکی هەردوو چیرۆکی پێشتری لەنێو خۆیدا کۆکردووەتەوە. هەرسێ چیرۆکی ئەم سێینەیە، بەپێی مەودای زەمەنی ژینگە کۆمەڵایەتییەکەی بنیاد نراوە. بە بەراورد بە ئەزموونی هەریەک لەم ڕێبازانە لە مێژووی هونەر و ئەدەبیاتی جیهاندا، ساڵانێک نێوانیان لە بەدوایەکداهاتنیاندا هەبووە، وەک داهێنان لە لێکەوتەی ژینگە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانیدا، واتە هەریەک لەم شێوازانە بە تەرکیب کاریگەرییان لەسەر شێوازی دوای ئەویدی هەبووە. جیاوازییەکان هەر لە فۆرم و توخمەکانیدا نەبووە، بەڵکوو لە دنیابینییەکی نوێدا بووە، لە ئاراستە و تێگەیشتنێکی تایبەت و دەگمەندا هاتوونەتە ئارا. درکپێکردنی حەقیقەتێکی دیکەیە لە ناسین و کەشفکردنی دیوە نادیار و نەزانراوەکانی واقیعدا. پێبەپێی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان، خەیاڵ و بیرۆکە هونەری و ئەدەبییەکانیش گۆڕانکارییان بەسەردا هاتووە. بێگومان ڕەخنەگرەکانیان ڕۆڵی گرنگیان لە ناسینی چەمکەکان و شیکاری دەقەکاندا گێڕاوە، ئەمەش بووەتە بەرچاوڕوونی و ڕەنگدانەوەی لەسەر ڕەوتی گەشەکردنی ڕۆشنبیری و کولتووری گەلەکەیان، بەڵام ئەم بزاوتە هێشتا لەلای ئێمە نەبووەتە بابەتی سەرەکی و دامەزراوەی کولتووری.

ئەم چیرۆکانەی (گۆرانیبێژی بچووک) دەتوانین



بڵێین شێوازێکی نوێیە لە ئەدەبیاتی کوردیدا کە وەک داهێنانێک بنیاد نرابێت. سێینەیەک کە لەسەر بنەماکانی سێ ڕێبازی جیاواز (کوبیزم، دادایزم، سوریالیزم) و تێکەڵکردنەوەی لەنێو یەکتریدا، بەو مەودا زەمەنییەی نێوانیان، یەک لەو دەگمەنترین چیرۆکانەن کە دەکرێ زیاتر لە گوتاریکی لەبارەوە بنووسرێت.

گێڕەرەوە هەر لە دەستپێکی چیرۆکەوە دەمانباتە نێو جەنجاڵی و ژاوەژاوی ترمیناڵێکەوە کە هەریەک بە مەبەستی جیا جیا پێکدا دەچن، ئەمیش سێیەمین جارە کە دەیەوێت بۆ گوندێک بچێت، بڕیارە پیاوێک ببینێتەوە کە دوایین گێڕانەوەی سەبارەت بە داپیرەگەورەی لێ وەربگرێت. گوندەکە ناوی گامێشاوایە، ناوێکە خۆی دایناوە. دانیشتووانەکەی سەرقاڵی گامێش بەخێوکردنن.

لێرەدا کارەکتەری سەرەکی مکوڕە بۆ گەیشتن بە واقیعێکی نادیار لەنێو ژاوەژاوێک کە عەقڵیەتی خەڵکەکە پێوەی ڕاهاتووە، واتە نەریتێکی بێ نەزمی پڕ هەراوهۆریا، کە هەر لەم دەستپێکەوە چەند توخمێکی سوریالی لەخۆ گرتووە، واتە دۆخی کولتوورێکی نالەبار لە واقیعێکی نەزانراو، یان کارپێنەکراودا کە لە دیمەنێکی تردا گوندێک بە ناوی (گامێشاوا)، وەک گوتمان خۆی ئەم ناوەی بۆ داناوە، وەک هێمایەک، دەلالەتە لە ناهۆشیاری و بێئاگایی خەڵکەکەی کە بە نەریتێکی بێسەروبەرەوە ڕاهاتوون، دوو سیفاتی زانراوی گامێش، هەرچەندە دوو چاو و گوێچکەی گەورەیان هەیە، بەڵام بە کزی دەبینن و گوێ گران و کەمبیستن، بابەتەکە تەنیا بەراوردێکی ڕواڵەتی ژینگەیی نییە لە نێوان گامێشەکان و دانیشتووانەکەیدا، بەڵکوو وێناکردنەوەی ئاستی تێگەیشتنی خەڵکەکەیەتی لە دۆخێکی بۆ ماوەیی چەقبەستوودا، دانیشتوانی گوند، کە گوزارشتە لە کۆی دانیشتووانێکی گەورەتر درکیان بۆ ژیان و گوزەرانێکی باشتر، لاواز و ناکارایە. کە جاری پێشتر چووەتە گوندەکەوە، بۆ ئەم، دیمەنێکی سەرسووڕهێنەر بووە، کاتێک ئەو هەموو گامێشەی بینیوە پێی وا بووە هەرچی گامێشی دنیا هەیە لەم دۆڵەدا کۆبوونەوەیان هەیە، ڕێکەوتێکی پێشبینینەکراو بووە، کە ئەم وێنانە چەند بنەمایەکی سوریالین کە لە دەستپێکی چیرۆکەوە پەیڕەو کراون.

سوریالیزم بزووتنەوەیەکی هونەری سەدەی بیستەمە، سوریالیزم بە واتای مەیلی بەرەو واقیعی زاڵ، یان باڵاتر دێت. شوێنکەوتووان لە دەوری ئاندرێ بریتۆن کۆبوونەوە، کە خۆی دادایست بوو، قوتابخانەیەکی نوێی بیرکردنەوەیان دامەزراند. ئەم شێوازە لەساڵی ١٩٢٢ دوابەدوای دادایی بە فەرمی لە فەرەنسا دەستی پێ کرد و ناوی سوریالیزمی لێ نرا. ئەم قوتابخانەیە ڕەنگدانەوەی ئاژاوە و گێژاوی سەدەی بیستەم بوو. دەتوانرێت سوریالیزم بە بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی هونەری دژەبناغەگەرایی هەژمار بکرێت، بە خواستی هێنانەدی گۆڕانکاری لە ژیانی ڕۆژانەدا دادەنرێت بە ئاشکراکردنی ئەو هەڕەمەکییە سەرسووڕهێنەر و بابەتییەی کە لە ڕیزبەندی ڕواڵەتی واقیعدا شاراوەتەوە. هەڵبەت لێرەدا نامەوێت ڕێبازی سوریالیزم بە وردی پێناسە بکەم، هێندەی پێویستە ئەم دەقەی پێ ڕاڤە بکەین و بتوانین هێما و ڕەمز و کۆدەکانی، لە واتای گونجاوی خۆیدا شیکاری بکەین.

هەر لە تێرمیناڵەکەدا، کەسێک کە ڕوخساری بۆ هەمیشە بە نەزانراوی دەمێنێتەوە بە توندی خۆی پێدا دەکێشێت و ون دەبێت، جانتاکەی شانی فڕێ دەدرێ و کامێرا، کتێب، پاکەتی

جگەرە، دەفتەر، سۆفت و چاویلکە هەتاویەکەی پەرشوبڵاو دەبێتەوە، لەو ساتەوەختەدا خەیاڵی بۆ قسەیەکی خۆشەویستە شێوەکارەکەی دەچێت، کە گوتوویەتی: (ئەوەندە بە دەستوبردی بۆ داخستنی زنجیری پانتۆڵەکەت، بۆ نیو ئەوەندە بۆ داخستنی جانتاکەت بە دەستوبرد نیت!) لەولاترەوە دایک و کچێک بۆ هاوسۆزی، سەرزەنشتی کەسی ونبوو دەکەن، ئەم ڕوخسارییان بەراورد دەکات بۆ ئەوەی بزانێت دایک و کچن، یان نا، سەیری کچەکە دەکات، (جوانە وەک تێکڕای کچانی گوند!) وەک ئەوەی باوکی دەربارەی دایکی نووسویەتی کە کچ بووە. کچەکە قسەیەک بە گوێی ژنەکەدا دەچپێنێت، مەراقێتی بیزانێت، نایزانێت. لێکەوتەیەک کەس نەیزانی بکەرەکەی کێ بوو، واتە نابەرپرسیارییەک کە لەنێو ئێمەدا ئامادەیی هەیە، خەیاڵێکی ئەزموونکراو کە بیری دەکەوێتەوە، جارێکی تر دووپات دەبێتەوە.

هاوسۆزی دایک و کچێک، کە بەرپرسیارێتی ئامادەیی هەیە، کاردانەوەکەی ئەم، جارێک بە ڕوخسارییاندا دەیەوێت بزانێت کە دایک و کچن، خەیاڵێکیش هەروەک ئەوەی باوکی نووسیبووی کچ بووە و لە گوند بووە. هەموو ئەمانە لە سادەترین حاڵەتدا، بە تێکەڵوپێکەڵی و ناڕێکخراو لە ژیانی ڕۆژانەی ئێمەدا بوونیان هەیە، بەڵام دانەر تەنیا وێنە و دیمەنمان بۆ ناگوازێتەوە، بەڵکوو نەریتێک لە پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکانمان بۆ وێنا دەکات، کە پڕیەتی لە دووپاتکردنەوەی هەڵەتێگەیشتنەکانمان و بێباکی و خەمساردی، نابەرپرسیارێتی لە بەرانبەر گەیشتن بە واقیعێکی باڵاتر، کە سوریالیستەکان لە بوارە ئەدەبی و هونەرییەکانی خۆیاندا لەسەر ئەو بنەما و توخمانە کاریان دەکرد، بە مەبەستی وەرچەرخان لە سیستمی کۆمەڵایەتیدا. بەو ئامانجەوە بزووتنەوەیەکیان ڕێک خستبوو کە گۆڕانکاری لە کۆی پێوەندی و ژینگە کۆمەڵایەتییەکەیاندا بهێننە دێ.

(کردنەوەی ئەو چەکمەجەیە بوو منی خستە سەر کەڵکەڵەی ئەم ڕێ و سەفەرە. خۆم ژانەسەرم کەم نەبوو، ڕووداوگەلێکیش کە ڕوودانیان سەر بە سەدەی ڕابوردووە، هاتە سەری. خەریکم ڕایەڵی قسەکانی باوکم پێکەوە دەبەستم. جاران بە پیاوی کای کۆن بەباکردوو! ناوم دەبرد، پیاوێک، بە ئۆتۆمبێلێکی داشقە، لەسەر جادەیەکی خۆڵ، هەزارویەک شەوی بنەماڵە دەئاژووێت! ئێستا نا. کە دەیگوت ڕابوردوو وەک ڕابوردوو نامێنێتەوە و دەگۆڕدرێت، قەشمەریم پێ دەهات، کە دەیگوت ئینسان بێ بنەماڵە قەدێکە بێ ڕەگ، بە زۆر خۆم دەگرت جڕتی بۆ لێ نەدەم. لێمان دەبوو بە قاڵ تا ئاستی دەستدانە ئێخە، ماڵم بە جێ دەهێشت و بە هێزی گەنجێکی کەڵەگەت، دەرگای حەوشەم بە یەکدا دەدا؛ مردووش زۆر بشۆرێت، دەترێت! یانی چی بە دوای چیرۆکی کەسانێکدا بگەڕێم، کە بۆ جارێکیش ڕووبەڕوو نەمدیون! کاتی ویست دابنیشم و ئەو چەکمەجەیە بکەمەوە تا مرد تکای کردنەوەی کرد. دەیگوت هەموو شت لەوێدایە؛ وا بوو، تەنانەت هاتنم بۆ ئەم گوندەش. لەگەڵ خوێندنەوەی هەر نووسراوێک و تەماشاکردنی هەر وێنەیەکدا، خۆمم دەبینییەوە، دەتگوت هەموو هەوڵودەوڵەکان بە خاتری من دراون، بە مردووەکانیشەوە، کە سەد ساڵ لە مەوبەر لەسەر تەختی ئەم شانۆیە ڕۆڵیان بینیوە.)

گێڕەرەوە جارێکی تر پاڵنەر و بکەری شەجەرەنامەی بنەماڵەمان بیر دەهێنێتەوە لە

چیرۆکی یەکەمدا، جیاوازی ڕەنگی چاوەکانی منداڵی دووەم کە کوڕە، پاڵنەری سەرەکییە لە بەدواداچوونی شەجەرەنامەی بنەماڵەکەیاندا. لە پێوەندی باوک و کوڕدا، تا باوکی لە ژیاندا بوو، ناکۆک و لە ململانێدا بوون. هیچ وتە و ئامۆژگارییەکی باوکی پەسەند نەکردووە، تەنانەت دڵی شکاندووە، ئێستا لە چەکمەجەکەدا لەو میراتییەی جێی هێشتووە ئەرشیڤەکەیەتی دەری هێناوە و وەک بکەرێک سوود لەو ڕاسپاردانەی وەردەگرێت. لێرەدا ڕەهەندێکی دەروونیمان دێتە پێش، وەک میتۆدێکی دەروونی، لە پێوەندی باوک و کوڕدا، کە لای فرۆید کەسایەتی مرۆڤی بەسەر ئیگۆ و ئیدۆ، سووپەر ئیگۆدا دابەش کرد، واتە کەسایەتی ئێمە کاتێک لە واقیعدا مامەڵە دەکەین، ئیدۆ، واتە غەریزە و پاڵنەر و ئارەزووە شاراوەکانمان کە ڕیشەیان لە نەستدایە، سووپەر ئیگۆش، واتە ئەو یاسایانەی دایک و باوک کە دەچنە دەروونمانەوە و بۆ هەمیشە پەیڕەویان دەکەین، دواییش دەبنە یاسای ناو کۆمەڵگە، بەو پێیە هەر کەسێک لەم سێ بەشە پێکهاتووە و هەر بەشەش لەگەڵ ئەویتریاندا لە ململانێدایە، فرۆید بەم ململانێیەی ناو دەروون و کەسایەتی مرۆڤی دەگوت شەڕی ناوخۆ، واتە ئەو شەڕە ناوەکییەی کە لە سێ لاوە مرۆڤ ڕادەکێشن.

## لە پێوەندی و ناکۆکی باوک و کوڕدا

فرۆید سەبارەت بە تاوان و سزا، لە ڕۆمانی برایانی کارامازۆڤی (دەستۆیڤیسکی)دا، ویستی کوشتنی باوک دەگەڕێنێتەوە بۆ سەرسامبوونێکی شاراوە. لەلایەن کوڕەکەیەوە، ئەو کوڕە تەنیا ڕق هاندەری شوێنگرتنەوەی باوکی نەبوو، بەڵکوو سەرسامیش بوو بە پێگە و کەسایەتی باوکی، فرۆید پێیوابوو کوڕە لە ترسی خەساندندا کشاوەتەوە و ئەم کشانەوەیەش هەستکردن بە تاوانی لای کوڕە گەڵاڵە بوو. لێرەدا هاوشێوەی ئەو تیۆرییەی فرۆید، کوڕە لە دوای مەرگی باوک هەست بە تاوان دەکات، کەڵکەڵەی ئەو بەدواداچوونەش هەر بۆ قەرەبووکردنەوەی ڕابوردووی بووە کە بە توندی پەرچەکرداربووە لە ئاست ڕاسپاردە و ئامۆژگارییەکانی باوکیدا، تەنانەت تا ئاستی دەستەوئێخە لەگەڵیدا توند بووە، لەو سۆنگەیەوە هەمان سەرسامی شاراوەی بە باوکی هەبووە، ئێستا لە غیابی باوکدا دەیەوێت ڕاسپاردەکانی بەجێ بگەیەنێت، ئاخۆ دەتوانێت قەرەبووی ئەو دڵشکاندنەی بکاتەوە، هەرچەندە لێرەدا بە تەنیا لایەنە دەروونی و غەریزە شاراوەکە نییە لە پێوەندی باوک و کوڕدا، بەڵکوو زیاتر لە واتایەکە لە دووبارەکردنەوەی ژیان و کۆی ئەو پێوەندییە ئاڵۆزەی ژینگە کۆمەڵایەتییەکەی ئێمەدا، کە لە پێوەندییەکانماندا توانایی برەودان بە ئەزموونی ڕابوردوومان نییە و بەردەوام لە هەڵەکانی دابونەریتدا دووپات دەبینەوە.

ئەم چیرۆکە لە پرۆسەی فرەڕەهەندییەکەیدا، هەموو دێڕ و وتەیەکی، وێنە و دیمەنێکی بە نیشانە و ڕەمز ئاخێنراوە، مەودایەکی بەرینی بۆ ڕاڤە و شیکاری ڕەخساندووە، لە چنین و گەمەی خەیاڵ و زمان و تەکنیک، لە جوانیناسیی هونەری چیرۆکنووسیندا، کە ئێمە چەند هێڵێکیمان لەو فرەڕەهەندییەی وەرگرتووە.

(پیرەمێرد و پیاوێک و کچێک سەر دەکەون. ئایفۆنەکەم دەردەهێنم، دەچمە سەر ئینستاگرام، ئەپەکە دەکەمەوە، حەوت سەعات لەمەوپێش پۆستێکی داناوە: تابلۆی سەروکەللەی پاککراوی ئاژەڵێک لەسەر سینی؛ پرۆژەیەک بوو، یەکەم

کاری هاوبەشی من و ئەو و دواکاریش. چەند جار چووینە بەربەلەدیەکە و گوزەری قەسابەکان. لە نووسینەکەدا، کە لە کەتەلۆکی پێشانگەکەدا چاپ بووبوو، بە بیرەوەرییەک دەستم پێ کردبوو: مێردمندالّ بووم، لەگەڵ باوکمدا چووم بۆ هەمان گوزەر، سەروپێمان کڕی، تا تەواوبوونی مامەڵەی لەگەڵ قەسابەکەدا، لە ددانجیڕکردنەوە و لەو لێوهەڵبڕینە بە ئازارەم ڕوانی کە ئاژەڵەکە سەروەختی سەربڕین چەشتوویەتی؛ ئێوارە، لەسەر سفرە، هەمان سەر و سم بە لێنراوی دانرا، هەمان دیمەن، بە ددانی توند لەسەریەکدانراو و ڕوخساری پڕ لە ژانەوە، لەبەرچاوم بوو و بۆ هەمیشەش مایەوە، گریام و سفرەم بەجێ هێشت.)

لەم بەشە کورتەی چیرۆکدا، چەند وێنە و دیمەنێکمان دێتە پێشچاو، کە نموونەی بەشێک لەو یەکە ئۆرگانیانەی پێکهاتەی ژینگە کۆمەڵایەتییەکەی ئێمەیان بنیاد ناوە. حەقیقەتێکی درک پێ نەکراوە کە ڕۆژانە لەنێو کولتووری ئێمەدا وەک دۆخێکی ئاسایی مامەڵەی لەگەڵدا دەکەین. لە حاڵەتێکدا کردەیەکی نائاساییە، گێڕەرەوە لێکەوتە و کاریگەرییە دەروونییەکانی منداڵیمان لە تابلۆیەکەوە بۆ نمایش دەکات، کە ئەم دیاردە کولتوورییە چۆن تێکەڵ بە ژینگە کۆمەڵایەتییەکە دەبێتەوە، لە کاتێکدایە ئەو لەگەڵ خۆشەویستە شێوەکارەکەیدا لە شەڕی جیابوونەوە و دابڕاندان، دەبینێت پۆستێکی بە سەروکەللەی ئاژەڵێکی پاککراو لەسەر سینیەک داناوە، کە پێشتر لە پێشانگەیەکدا نمایش کراوە، ئێستا لە ناکۆکیدا وەک دژوەستانەوەیەک دەیانخاتەوە ڕوو. تابلۆکە سەرەتا بە شێوەیەکی ئاسایی لەنێو بینەرانێکدا نمایش کراوە، دواجار پەیبردن و درککردنە بە کاریگەرییەکانی و نائاسایی دیمەنەکە، کاریگەری ئەم لێکەوتانە وەک هەر یەکەیەکی تر، هەنووکە وەک گرێیەکی دەروونی لە ژینگە کۆمەڵایەتییەکەی ئێمەدا ئامادەیی هەیە و دۆخێکی نالەباری لە پێوەنییەکانماندا بنیاد ناوە.

(لە پێشانگەیەکی هاوبەشدا ناسیم، لە هۆڵی مۆزەخانە. کارەکانی حەوت تابلۆ بوون، لەپاڵ یەکدا، لە قەبارە (٥٠ × ٧٠سم)دا، بە ئەکریلیک لەسەر کانڤاس و سیستمی خێزانی ڕەنگیی کاری کردبوو، جیا لە تابلۆیەکیان، گرافیک بوو: ژنێک، بە تەنوورەیەکی فشەڵەوە، قاچەکانی باریک، لە ئەژنۆ بەرەوخوار تا قولەپێی کاڵ کاڵ، دەزووئاسا کێشرابوو. بۆشایی و بەتاڵاییەک لە سکیدا بوو، هەڵمساو، چون ئەوەی زیاد لە ڕادە فووی تێ کرابێت. سەری نەبوو، بێخەون بوو؟ گەردنی درێژ و ڕووشاو: مۆدلیانیئاسا. دەستی لەسەر کەمەر دانابوو: پێچ و ئازاری دووگیانی. ڕێز و پێزانینێکی بێ پایانم بۆ هەموو ئەو ژنانە هەیە، لە هەر کوێ بن، بۆ ئەویش، مەبەستم ژنی ناو تابلۆکەیە. هات. وردیلە بوو و قژلوول، چاوی گەش بوو و گەورە، هەرچی سیمایەتی منداڵانە بوو و دەم بەبزە؛ بە درێژایی پێکەوەبوونمان؛ جیا لە جارێک، بیرم نییە پەروانەی ئەو بزەیەی لەوێدا بۆی کردم، لەسەر ڕوخساری هەڵفڕی بێت. گوتی حەز دەکات سەرنجم بزانێت. لە دۆخی ژنەکە دوام، لە فۆرمی جەستەی، لە مەترسی نەمانی ڕەنگی سپی و جێ چۆڵکردنی بۆ ڕەنگی ڕەش، لە نەبوونی سەر و بێخەونییەکەی و ئازارەکەی. پەتای پێوەندییەکەمان لە بەردەم ئەو تابلۆیەدا تەنییەوە. پاشتر، لە گەلەرییەکەی کە پێی دەگوت «ئاتیلەکەم»، کاتێک لە بەردەم هەمان تابلۆدا وەستاین، گوتی: «ئەوە دایکمە، ئەو

کاتـەی بـە منـەوە دووگیـان بـوو و لـە باوکـم جیابووەتـەوە.»)

لێـرەدا دیدێکـی تایبـەت بـە سـیمای (ژن، عەشـق، سـێکس)، دێتـە پێـش لـە ڕێـی ئەوێکـی دی، کـە خۆشەویسـتە شـێوەکارەکەیەتی، لـە یەکەمیـن ساتەوەختی ناسینیدا لە پێشـەنگەیەکی هاوبەشـدا، لـە حـەوت تابلـۆ تەنیـا یەکیـان گرافیک بـوو کـە جەسـتەی ژنێکـی دووگیانـی بـێ سـەرە، وەک مۆدیلیانیئاسـا. دەسـتی لەسـەر کەمـەری دانـاوە. تابلۆکـە وەک پەیامێکـی داهێنەرانـە دەردەکەوێت، پتـر بـۆ بـە ئامانجگرتنـی پێوەنـدی و گفتوگـۆ لـەو بـارەوە و پێدانـی زانیارییـە لـە ڕێـی هونـەرەوە. ئـەم بەشـەی چیرۆک، وەک نیشـانە و کۆدێـک لـە دیـدی ئەوێکـی دییەوە کـە دەکرێ وەک ڕەهەندێکـی فێمینیـزم لـە هاوتاکردنـی هـەردوو ڕەگـەز لـە بەرچـاو بگیرێـت. تابلۆکـە جەسـتەی ژنێـک بـە پێـچ و ئـازاری دووگیانـی بـێ سـەر وێنا کـراوە، گوزارشـتکردنە لـە پەراوێزخسـتنی ڕەگەزی ژن، کـە تەنیـا ڕۆڵـی ڕێکخسـتنی جەسـتەیەک کـە ئەرکـی منـداڵ خسـتنەوە و بەرهەمهێنانـی منداڵـی خراوەتـە ئەسـتۆ، بەبـێ دەسـەڵات و بیرکردنـەوەی خـۆی، ئەمـەش پتـر سـەرنجێکی ڕەخنەگرانەیـە لەسـەر ڕەگـەزی بەرانبـەر کـە سـەپاندنی دەسـەڵاتی پیـاوە بەسـەر ڕەگـەزی ژنـدا. بیرۆکـەی تابلۆکـە لـە واقیعێکـی نادیاری خۆیـەوە هاتـووە، هـەر وەک لـە گەلەرییەکەیـدا گوتـی: ئـەوە دایکمـە ئـەو کاتـەی بـە منـەوە دووگیـان بـوو و لـە باوکـم جیـا بووەتـەوە. پرۆسـەیەکی درک پێکـراوی پەرچەکـردارە، لـە ئاسـت پەراوێزخسـتنی ڕەگـەزی ژن لـە پێگـەی کۆمەڵایەتیـدا، بـەڵام لـە سـیاقی خوێندنـەوەی دەقـدا، دەبینیـن لـە پێوەندییەکـی گـەرم و عاشـقانەدا، تـا ئاسـتی سـێکس و جووتبـوون لـە گەلەرییەکەیـدا بـەردەوام دەبێـت، گێـڕەرەوە دەڵێـت: (بـەڵام دواجـار لـە ختوخۆڕایـی، شـۆخییەک بـوو، بێتـام، پـەڕی دەرکـرد و بـاڵ، هەڵـە لەنـاو هەڵـە و هەڵـەی تـردا... گەیشـتینە بنبەسـت؛ بنبەسـت یانـی جیابوونـەوە. ئیـدی هەسـتام و ڕۆیشـتم شـەڕمان گواسـتەوە بـۆ مەسـنجەر، چەنـد ڕۆژ و شـەو. نوقتـە سـەری دێـڕ.)

ڕاڤەکردنـی چیـرۆک، بـە بـەراورد بـە بنەماکانـی سـوریالیزم و گەیشـتن بـە حەقیقەتێکـی بـاڵا کـە ئامانجی سوریالیسـتەکانە، پرسـی ژن لە واقیعێکی نالەبـاردا لایەنێکـی گرنگـی ئـەو بنەمایانەیـە کـە لـە بـوارە ئەدەبـی و هونەرییەکانـدا، بـە شـێوازی جیـا جیـا دێنـە ئـاراوە. لـەو سـۆنگەیەوە ئـەم چەمکـە پەیوەسـتە بـە ئاسـتی جیـاوازی و چۆنێتـی پێکهاتـەی ژینگـە کۆمەڵایەتییـەکان بـە گشـتی و لـە پێوەندییـە کۆمەڵایەتییەکانـی ئێمەشـدا بـە تایبەتـی، وەک دژوەسـتانەوەیەک لـە سیفەتی نێرانـە، بابەتێکـی تەمومـژاوی و ئاڵـۆزن، کـە دەتوانیـن بڵێیـن، جیاوازییـەکان ڕیشـەیەکی دێریـن و مێژوویـان هەیـە، قووڵتـر لـەو دابڕانـە مێژوویـیـەی کـە لـە چیرۆکـی یەکەمـدا ئاماژەمـان پـێ کـرد. ڕۆڵـی ژن لـە قۆناغـی یەکەمدا پابەنـدی نەریـت سـەنتەری بـوو، نەریتێکـی سـەپێنراو و دابـڕاوی چەواشـەکراو، لـە کـۆی گشـتی پێکهاتـە کۆمەڵایەتییەکەیـدا هێڵرابـووەوە.

لـە چیرۆکـی دووەمـدا لـە دۆخـی یاخیبـوون و پەراوێزیـدا خـۆی دەبینێتـەوە، لـە کۆتاچیرۆکـدا، قۆناغـی درک پێکـردن و دژوەسـتانەوەیە لـە ئاسـت ناهاوسـەنگی و دەسـەڵاتی نێرێتیدا. بابەتێکی ئێجگار ئاڵـۆز و فرەڕەهەنـدە، بەتایبەتـی لـە کۆمەڵگەیەکـی فرەپێکهاتـە و پەرتـەوازە و نایەکانگیـری وەک وڵاتـی کـوردەواری کـە هیـچ سـەقامگیرییەکی شـیاو و گونجاومـان بـۆ ئـەم ڕەوتـە لـە کولتووری شارنشـینێکی

شایستەدا نییە، لەگەڵ ئەوەشدا حەقیقەتە ون و نادیارەکە لە پێوەندی بە ڕەگەزی مێینە لەم چیرۆکانەدا، سەرەتاکەی بە دایک سەنتەری دەست پێ دەکات، وەک سمبۆلی دایکسالاری و شوناس و ئاوەزی گەلێک کە لەنێو تاریکی و نەهامەتییەکانەوە، جارێکی تر دیرۆکی بنەماڵە و شەجەرەی شارێک، بەو بنەما سمبۆلییە خۆی ڕێک دەخات و دەیەوێت بنیاد بنرێتەوە. لە دۆخێکی ژینگەیی ئاڵۆز و پارچە پارچەییدا، پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکانی بەو هەژموون و کاریگەرییە بۆماوەییە دەرەکییانەی کە پێشتر ئاماژەمان پێداوە، دووچاری داتەپینی زەینی و ڕەوتی پەرەسەندنی کولتووری هاتووە. بە جۆرێک کردە و لێکەوتە دەرەکییەکانی سەپێنراوە، کە تەنیا ماکی سروشتی مێژووییەکەی وەک غەریزەیەک لە پێوەندی عەشق و سێکسدا هێشتووەتەوە، لایەنێکی متبوونی دەروونییە وەک گرێیەک لە ناخەوە شکڵی گرتووە، بەو جۆرەی کە لە پرۆسەی هەڵسوکەوتکردندا دەیبینین لە شتێکی کەم بایەخ و ناچیزدا گرژی و دژوەستانەوە ڕوو دەدات. لایەنێکی تری ئەم بابەتە دیدێکی فێمینیستییە، کە دیدێکی ڕێژەیی هەمەلایەنەیە لە کولتووری جەماوەریدا. بەپێی دابەشبوونی چینایەتی و بیروباوەڕی ئایدیۆلۆژی سیاسی و ئایینی و مەزهەبی جیا جیا دابەش کراون، واتە ڕوانگەی جیاواز، بەڵام ناکۆکییەکان لە ئاست هاوسەنگی و تەباییدا، دژبەر و ناهاوسەنگ و نایەکانگیرن. ڕێسا کۆمەڵایەتییەکەی شپرزە و سەرگەردان کردووە، لە وەها دۆخێکدا کە درککردن پێویستە، تێگەیشتن لە هاوسەنگی و تەبایی بەرهەم بهێنێت، بینیمان دژوەستانەوە هاتە بەرهەم، ئەمەش پێمان دەڵێت کە ئەستەمە لە زەمەنێکی کورتدا بتوانرێت، لە پرۆسەیەکی کولتووری جەماوەریدا ڕێکخستنەوەیەکی گشتگیر و هاوسەنگ بهێنرێتە ئاراوە.

(لە جامی مینی پاسەکەوە، کە تایەکانی بە خێرایی جادەکەی دەشێلا، لەو دەشتایی و دەورووبەرەم دەڕوانی؛ لە تاقە بازگەی نێوان شار و شارۆچکەکە، لە پشتەوەی سەدان سەیارەی گەورە و بچووک وەک کەلاک کەوتوون، ئەمجارەش وا دەکەم. سەدەیەک و هەشت ساڵ لەمەوبەر، کچێکی تازەپێگەیشتوو لە شارەوە بە دوو چاوی سەوز و شینەوە، وەک ئاسکەکێویی سەر لێتێکچوو لە بێشەدا، بەسەر تەرمی کەڵەکەبوو و بۆنکردووی کۆڵان و شەقامدا، باز دەدات، لەو داسی مەرگەی کەوتووەتە دروێنەی شار، هەڵدێ، ڕابوردوو و کەسوکار و یارییەکانی لە دوای خۆیەوە جێ دەهێڵێت، لە ساڵێکدا، کە مامم بە دەستپێکێکی نوێ لە تەقویمی بنەماڵەدا وەسفی دەکات.)

گێڕەرەوە لە نێوان ڕابوردوو، ئێستا و ئاییندەدا، ئەمە سێیەمین جاریەتی دەڕواتەوە بۆ هەمان گوند، بەڵام هێشتا لەنێو مینیپاسەکەدایە، وێنە و دیمەنەکانی جاری پێشوو بە خەیاڵێکی پەنهانی دێنێتەوە یاد. دەیەوێت پێمان بڵێت زەمەن زۆر بە خێرایی گوزەر دەکات، وەک خولانەوەی تایەی ئەو مینیپاسەی جادەکە دەشێلێ، کەچی ئێمە هێشتا لەنێو پاشماوەکانی جەنگ و نەهامەتییەکاندا دەرباز نەبووین، وەک کەسانێکی فەرامۆشکار، بێباک و خەمسارد، لەنێو ژینگەیەکی پڕ لە هۆسە و هەراوهۆریا، چاوەڕوانی سەرنشینانێک دەکەین کورسییە بەتاڵەکان پڕ بکاتەوە و مینیپاس بکەوێتە ڕۆیشتن.

لێرەدا چیرۆک کۆتایی نایە، گەلێک وێنە و دیمەنی تر بەجێ ماون کە گێڕەرەوە، بەردەوامە لە سەرنج و نیگا و خەیاڵ و خەون و «هیوا»، لە نێوان هەموو ئەو یەکە ئۆرگانیانەی لە مێژووی

پێکهاتـەی شـارێکدا ڕەوتـی دراوەتـێ، لـە هەمـان کاتـدا جۆرێکیـش لـە دژوەسـتانەوەیە لـە کـۆی ئـەو نەریتانـەی بوونەتـە هـۆی بێسـەرەوبەرەیی ژینگـە کۆمەڵایەتییەکـەی. بـە ئامانجـی ڕێکخسـتن و سـەرلەنوێ بنیادنانـەوەی، لایەنـە جیـاوازەکان ڕووبـەڕووی بەرپرسـیارێتی و وەرچەرخانێـک دەکاتـەوە، لەنـاو جمـە و جەنجاڵـی تێرمینـاڵ و شـارێکدا، کـە گوایـە میرانـی بابـان سـەروەختی ڕاووشـکار دۆزیویانەتـەوە.

**سەرئەنجام**

(گۆرانیبێـژی بچـووک)، کـە تانوپـۆی سـێیینەی چیرۆکەکانـە، لەنێـوان باوکێک و برا کۆچکردووەکەی و کوڕەکەیـدا، بـە هاوبەشـی گێڕانـەوەی بـۆ کـراوە، لەنێـو ژینگەیەکی کۆمەڵایەتی ئاڵۆز و چەقبەسـتووی نەریتپارێـزی مێـژووی پتـر لـە سـەدەیەکی شـاری سـلێمانییەوە سـەرچاوەی گرتـووە. بـە تەکنیـک و زمانێکـی سـمبۆلی و هونـەری نوێـوە، بـە سـێ ڕێبـازی (کوبیـزم، دادایـزم، سـوریالیزم)، بنیـاد نـراوە.

لـە کـۆی ئـەم سـێ چیرۆکـەدا ئێمـەی خوێنـەر بـەر شـێوازێکی نـوێ و تازەگەریـی ئەدەبیاتـی چیـرۆک دەکەویـن، کـە هـەوڵ دەدات مرۆڤ و واقیـع بـە شـێوازێکی ناڕاسـتەوخۆ هێمایـی و دەروونـی بخوێنینـەوە، نـەک تەنیـا گێڕانـەوەی سـادە و ڕاسـتەوخۆ. دەبینیـن هـەر لـە ناوونیشـانەوە بـۆ نێـو چیرۆکـی یەکـەم، کـە بـە گێڕانـەوەی بـاوک بـە تایبەتمەندییەکانی شـێوازی «کوبیـزم» دەسـت پـێ دەکات، لـە ڕێـی ڕەمـز و هێماکانییـەوە، بـەراوردی گـەلان و وڵاتانێـک بـە نموونـە وێنـا دەکات تـا ئەزموونـی لێوەربگریـن. بـە وێنـە و دیمەنـە پارچـە پارچەبووەکانییـەوە، بـە ڕسـتە کـورت و پـڕ واتاکانییـەوە، دەمانباتـە نێو ژینگەیەکی کۆمەڵایەتـی چەقبەسـتووی تاریـک و پـڕ لـە نەهامەتـی و خـەم و ئـازاری گەلەکەیـەوە کـە لـە سـیماکانی شـاری سـلێمانیدا کۆبووەتـەوە، هەوڵـی داوە ڕووداو و کارەکتـەرەکان لـە چەنـد دیـد و پارچـەی جیاوازەوە پیشـان بـدات، بۆیە ئـەم چیرۆکە زیاتـر بـە شـێوەی شـیکردنەوەی بیـر و تێڕوانیـن دەردەکەوێـت، واتـە دەیەوێـت تاکڕەهەنـدی نەڕوانینـە بابـەت و شـتەکان، بەڵکـوو لـە فرەدید و گۆشـەنیگای جیاجیاوە بڕوانین، تـا درککردنمـان بـە حەقیقەتـی وێنـە و دیمەنـەکان باشـتر لـەلا ڕوون ببێتـەوە.

لـە چیرۆکـی دووەمـدا، کـە گێڕانـەوەی بـرا کۆچکردووەکەیەتـی، لە بنەماکانی ڕێبازی «دادایزم» پێکهاتـووە، ئـەم چیرۆکـە هـەر لـە قۆنـاغ و چیرۆکـی یەکەمـەوە سـەرچاوەی گرتـووە، پـاش نائومێـدی دۆخـی ژینگەکـەی، لـە ئەنجامـی تەنگژەی سیسـتمی کۆمەڵایەتـی و سیاسـییەکەیەوە دروسـت بـووە، کـە پێیـان وایـە ژینگەیەکـی لەبار و سـەقامگیریان بنیـاد نـاوە، دژوەسـتانەوەیە لـە ئاسـت مانـا و یاسـا باوەکانـی ئـەو واقیعـە نالەبـارەی هێنراوەنەتـە ئـارا، هـەوڵ دەدات هەمـوو نەریتـە باوەکان تێک بشـکێنێت، نیشـانی دەدات کـە چ نەهامەتییەکیـان دروسـت کـردووە، ئامانجـی تەنیـا گێڕانـەوەی چیرۆک نییـە، بەڵکـوو شـۆک دروسـتکردنە بـۆ خوێنـەر، هەژاندنـی بیروباوەڕە باوەکانە. دروسـتکردنی پرسـیارە لەسـەر مانا و ڕاسـتی و سیسـتم و ژیان، بۆیـە بـە مەبەسـت ئاڵـۆزی و پووچـی نیشـان دەدات، تـا خوێنـەر هەسـت بـە تەنگژەی خـۆی بـکات.

چیرۆکـی سـێیەم لـە ئەنجامـی چەنـد دۆخێکـی فیکـری و کۆمەڵایەتـی و دەروونییـەوە هاتووەتـە ئـاراوە، کـە بـە تایبەتمەندییەکانـی ڕێبـازی سـوریالیزم بە گێڕانـەوەی کوڕەکـەی بنیاد نـراوە. ئـەم چیرۆکـە تەواوکـەری هـەردوو چیرۆکەکانـی پێشـترە، وەک لـە قۆناغـی یەکەم بۆ نووسـینەوەی

**شەجەرەنامە، لێرەشدا بۆ گەیشتن بە حەقیقەت، واقیع تێک دەشکێنێت، کات و شوێن تێکەڵ دەکات، خەون و ناخ و هەست دەخاتە ناو گێڕانەوە، چیرۆکی دووەم وەک پردێک وایە بۆ ئەم قۆناغە، تەنیا جیاوازییەک لەم چیرۆکەدا کە ئەم نابێتە نەفی، بەڵکوو لەناو پەرتەوازەییەکەدا بەدوای مانای نوێدا دەگەڕێت. لەنێو تێکشکاوی مرۆڤدا هەوڵی دۆزینەوەی ناسنامە دەدات. لە کۆتاییدا کوبیزم: فۆڕم و گۆشەنیگای گۆڕی بۆ (چاو)، دادایزم: مانای تێکشکاند بۆ (عەقڵ)، سوریالیزم: خەون و نائاگایی کرد بە واقیع بۆ (هەست).**

**سەرچاوەکان:**


١. مکتبهای ادبی، رضا سیدحسینی، جلد دوم، موسسە انتشارات نگاه، تهران، ١٣٧٦.

٢. تاریخ نقد جدید، جلد ششم و جلد هشتم: رنە ولک، ترجمە سعید ارباب شیرانی، چاپ اول، زمستان ١٣٨٥، نقد در امریکا (١٩٠٠ ـ ١٩٥٠).

٣. تاریخ تمدن: ویل دورانت- جلد اول – مشرق زمین- گاهوارە تمدن: مترجمان احمد آرام: مقدمە و کتاب اول پاشائی، کتاب دوم امیر حسین اریان پور، کتاب سوم، چاپ هشتم، تهران، ١٣٨١.

٤. ڕێبازە ئەدەبییەکان، سیروس شمیسا، وەرگێڕانی: هیمداد حوسێن و سەنگەر نازم، لە بڵاوکراوەکانی ئاوێر، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠١٨.

٥. ڕەخنەی ئەدەبیی نوێ، د. ئیبراهیم مەحموود خەلیل، وەرگێڕانی: پ. ی. د. محەمەد تاتانی، لە بڵاوکراوەکانی ناوەندی ڕۆشنبیریی و هونەریی دیالۆگ، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠١٧.

٦. دەروازەیەک بۆ میتۆدەکانی ڕەخنەی هاوچەرخ، د. بەسام قطوس، وەرگێڕانی: د. محەمەد تاتانی، لە بڵاوکراوەکانی خانەی وەرگێڕان، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠١١.

٧. بنەماکانی ڕەخنەی ئەدەبی، کۆمەڵێک نووسەر، وەرگێڕانی: ساماڵ ئەحمەدی، چاپ و بڵاوکردنەوەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٤.

٨. مێژووی هونەری شێوەکاری، هەڵگورد ئەحمەد لە ئینگلیزییەوە کردوویە بە کوردی، ناوەندی غەزەلنووس، چاپی یەکەم، سلێمانی ٢٠١٧.

٩. پێکهاتە و هێرمۆنۆتیک، ڕەزا نیکفەر، ، و. ئیسماعیل زارعی، دەزگای وەرگێران، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠٠٧.

١٠. کلیلدان: فەرهەنگی ئەدەب و ڕەخنە، عەبدوڵڵا تاهیر بەرزنجی، د. عەلی تاهیر بەرزنجی، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، چاپی یەکەم، سلێمانی ٢٠٢٤.

١١. سەرجەم ڕستە و پاراگرافە بۆڵدکراوەکان لەم سەرچاوەوە وەرگیراون:

- گۆرانیبێژی بچووک، چیرۆک، بەختیار حەمەسوور، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠٢٥.